

## لە ڕۆژی جیهانی منداڵاندا

# کێ گوێ لە چیرۆک و خۆزگەی ئەم منداڵانە دەگرێت؟

ڕاپۆرت: نامق هەورامی
namqhawramy@hotmail.com

ژیان بۆ خۆی چیرۆکێکە پڕیەتی لە تاڵی و شیرینی، بەردەوام مرۆڤەکان لە هەوڵی ئەوەدان بڕوا بەخۆیان بهێنن کە ئەوەی هەیە قەدەری مرۆڤەکە خۆیەتی، هەندێکی دیکە، ئەوانەی بە نیگا و هزرێکی ڕەخنەگرانە لە کایەکانی ژیان دەفکرن، هەمیشە شتەکان دەخەنە بەردەم گومان و پرسیارەوە.

ژیان ئەو پێکە نیوە پڕ و نیوە بەتاڵەیە کە دەرەنجامەکەی وایکردووە هەمیشە نیوە بە تاڵەکە فەزای بیرکردنەوەی ئێمە بگرێت و بەردەوام لەبەردەم پرسیاری (من هەم یان نیم؟)دا خول بخوات.

لە دنیای نابەرامبەری کۆمەڵایەتیدا ژیانیش نابەرامبەر دەبێت بەڵام تۆ بڵێیی لە هیچ جێگایەکدا وەک ئەوەی لەم وڵاتەی مندا هەیە.

لێرە چیرۆکەکان وەک دیرۆکی مەینەتییەکان دووبارە دەبنەوە، ئێرە کوردستانە، ئەم گەلە بەردەوام ژیانی پێ ڕەوا نەبینراوە، خۆشمان بە خۆمانی ڕەوا نابینین، نیشتمانی کوردان چوار وەرزی ساڵی هەیە، خۆشی بەسەر چوار دەوڵەتا بەشکراوە، ئەمانە کاریگەری سایکۆلۆژییان لەسەر خەڵکەکە دروستکردووە منداڵان زۆرترین قوربانی سایکۆلۆژیای گەورەکان و کارەسات و جەنگەکانن.

ئەوەی لەم ڕاپۆرتەدایە بەشێکە لە ژیانی منداڵانی کوردستان و بەردەوام ئەم سیناریۆیانەی دووبارە دەبنەوە، ئەمە فیلمێکی دیکۆمێنتییە و پاڵەوانەکانی منداڵان، بەڵام تایبەتە بە گەورەکان و کەسانی پەیوەندار بە چارەسەرکردنی ڕەوشی ئەو منداڵانەوە هاوکات پەیامێکی مرۆڤانەیە بۆ ئەوەی بە هەر جۆرێک بێت بتوانین لەو مەرگەساتەی ژیان دەربازیان بکەین.

ڕەنگە گوێگرتن لە خودی مناڵەکان زۆر لەوە گەورەتر بێت بتوانم باسی بکەم، ئەوانە نموونەیەکی هەرە بچووکی کارەسات و مەینەتییە گەورەکانی ژیانن.

هەوڵمداوە لەم ڕاپۆرتەدا وێنەکانی واقعی ژیان نیشان بدەم بۆیە بەبێ ڕتووش دەینووسمەوە، ئەمە چیرۆکێکی منداڵانەیە بەڵام با گەورەکان گوێی لێگرن و بیخوێننەوە..

فۆتۆ: کەمال ئاکرەیی

## ديمەنی یەكەم
## مەیدانی حەیوانان لە هەولێر

هەمیشە ئێمە كاتێك لەو مەیدانی كڕین و فرۆشتنی ئاژەڵان ورد دەبینەوە نموونەیەكی بچووكی ژیانمان لەلا دروست دەبێت ئێمە بەسەرگەرمییەوە ئەو مامەڵانە دەكەین، كەچی بیرمان دەچێت كە لە ژیاندا مامەڵە بە خۆشمانەوە دەكرێت.

مەیدانی ئاژەڵان لەسەر ڕێگەی گشتی (هەولێر-كۆیە)یە و چەند كیلۆمەترێك لە هەولێرەوە دوورە، ئێرە مەیدانی بژێوی كۆمەڵێك خەڵك و گۆڕەپانی مردن و كوشتنەوەی سەدان ئاژەڵە لە ڕۆژێكدا. ئەوێ لە ڕووی تەندروستییەوە تەواو بەربادە ئاژەڵەكان لەسەر خۆڵی پیس دەكوژرێنەوە، مێش و مەگەز و سەگ بە دەوری كەلاكەكانەوەن ئەمە وێڕای ئەوەی جێگەی فێربوونی مەشقی كوشتنەوەیە بۆ منداڵان.. لەوێ زۆربەی كارەكان منداڵ دەیكات.. كوشتنەوە، پاككردن و لەت لەت كردن، منداڵێكی ١٠ تا ١٥ ساڵ ئەم كارانە بكات دەبێ لە كاتی گەورەبووندا خاوەنی چ هەست و سایكۆلۆژیایەك بێت؟ ئاخۆ ئەو منداڵانە هەست و ئیحساسی منداڵانەیان تێدا دەمێنێ؟ دەتوانن لە گەورەبووندا ببنە كەسێكی ئارام و سوودبەخش بۆ خۆیان و كۆمەڵگە؟

باشە تاوانی ئەوان چییە ئاوا بەو جۆرە دەخرێنە بەردەم كاری لەو چەشنە؟

باشە ئەركی دەوڵەت و لایەنی پەیوەندیدار نییە ڕێگە لەو كارانە بگرێت؟ با واقعەكە لە زمانی منداڵەكانەوە ببیستین.

یوسف نوعمان منداڵێكی ١٠ ساڵانە و لە مەیداندا كاردەكات، كاری ئەو وەك خۆی گوتی بریتییە لە **(ڕۆژانە دێمە ئێرە هەندێك جار چاودێری ئاژەڵی ئەوانە دەكەم كە دێنە مەیدان و جار جارەش لە كاتی كوشتنەوەی حەیوانەكاندا لاقی حەیوانەكان دەگرم و لەنێو سەیارەی باردەكەم، من ڕۆژانە ٧تا ٨ هەزار دینار (دەكاتە ٥ دۆلار)م دەستدەكەوێت و پارەكە دەدەمەوە بە ماڵەوە.**



یوسف لە ماناكانی منداڵی خۆی ناگات، نازانێت ڕۆژی منداڵان چییە!! كاتێك لێمان پرسی لەو بارەیەوە ئەو گوتی: **(من نازانم لەگەڵ منداڵاندا گەمە بكەم لە ٨ی سبەینێوە تا بەرەبەری عەسر لێرەمە، كە دەچمەوە ماندووم ئیدی گەمەی چی و شتی چی، من نازانم جەژنی منداڵان چییە، خۆشترین جەژنی من ئەوەیە لێرە بتوانم شتێكم دەستكەوێت!!!)**

سەلاحەدین كەریمی دوانزە ساڵان خەڵكی گوندی شێخانەو قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتاییە، سەلاحەدین دەیگوت: **من ناوی گەمەی منداڵان وەك ئەتاری و پلەی ستەیشن و سیگام لە هاوڕێكانم لە قوتابخانە بیستوومە، خۆشترین گەمەی من ئەوەیە باركردنێك یان كوشتنەوەیەكم دەسكەوێت لەم مەیدانەدا**، سەلاحەدین تەواوی پێستی ڕوخساری لەبەرخۆر ڕەش داگەڕابوو، بەڵام گوێی دەدایە بەر خۆی بۆ ئەوەی وەك گەورەیەك خۆی نیشان بدات ئەو لەگەڵ هاوپیشەیەكیدا بەشەڕ هاتبوو لەسەر ئەوەی كامیان ٢ بەرخ لە ئۆتۆمبێلی كڕیارێكدا بار بكەن.



لە گەڕان بە دوای ئەو چیرۆكانەدا بەردەوام بووم منداڵێكی تووڕاو لە ژیان لە منداڵی هات و گوتی: وەستا ئەوانە نازانن قسان بكەن لۆ لە من ناپرسی؟

من لە چاوانی ئەو منداڵەدا دنیایەك ماندووبوونم دیت..

ئاری عەبدولقادر سابیر تەمەنی ١١ ساڵە، بەڵام یازدە سەدە مرۆڤ بە ئازارەوە دەهێڵێتەوە.. ئاری چاوەكانی فرمێسكیان تێدا قەتیس بووبوو، هەندێك پرسیارم لە ئاری كرد ئەویش بەیەك نەفەس بەم جۆرە وەڵامی دامەوە:



**- من لای باپیرم دەژیم، منداڵ بووم بابم خۆی كوشتییە، نازانم لۆ خۆی كوشت، داكم مێردی كردووە، بابم لە خەیاڵ نەمایە و دایكیشم ناناسمەوە چونكە كە مێردی كردووە من گچكە بووم لو كاتەوە سەردانی نەكردین، ئەمن دوو برام هەیە یەكیان چاردە ساڵ و ئەوی دی پازدە ساڵە و خوشكەكەشم ساڵێك لە من گچكەترە و تەمەنی دە ساڵانە، لە كن باپیرم دەژین، نەنكم ٢ ساڵ پێش ئێستا مرد، باپیرم ژنەكی ئاوارەی هێنایە و ئێمەش چاودێری دەكات.**

**ئەمن ڕۆژانە دێمە ئێرە، حەز دەكەم وەكی مندارانی دیكە گەمان بكەم و بخوێنم بەڵام ئەوانم نییە، باپیرم دەردێت دەبێت ئیش بكەن، ئەوڕۆ هیچ ئیشم دەسنەكەوت، ڕۆژانی دیكەش ٥ تا ١٠ هەزارم دەسدەكەوێت (٥تا٧ دۆلار) پارەكە دەدەمە باپیرم..**

**دواجار لە وەڵامی ئەوەی كە دەزانی ٦/١ ڕۆژی جیهانی منداڵانە، ئاری گوتی (لۆ منداڵیش ڕۆژیان هەیە؟ بابە ئەوە لۆمە نییە ئەوە لۆ منداڵی دەوروەمەند و مەسولانە).**

دەكرا چیرۆكەكان درێژتربن بەڵام لێرەدا مەیدانی ئاژەڵانمان جێهێشت لەگەڵ كەماڵ ئاكرەیی هاوكارمدا كە فۆتۆی دیمەنەكان بە هاوێنەی كامێراكەی ئەو گیراون.

له نزیک نەخۆشخانەی ڕزگاری سێ منداڵ بە کەرو عەرەبانەیەکەوە خەریکی کۆکردنەوەی نانەوردەبوون لێیان نزیک بوومەوە، ترسێک لە ناوچەوانیان دەبینرا، ئاخر بەردەوام ڕۆژهەڵات کۆماری ترسە و خەڵک سڵ لە هەموو شتێک دەکاتەوە..

هوشیار خدر یەکێک لەو منداڵانە بوو، ئەو تەمەنی ١٣ ساڵانە و خۆی و دوو براکەی تری بە هاوکار گوێدرێژەکە پێکەوە کاردەکەن،



هوشیار دەیگوت ڕۆژی ٥٠ دینارمان دەست دەکەوێت (دەکاتە ٧,٥٠٠ چاپی تازە ٥ دۆلار) لەوەی باشترە لە کۆڵانان بسوڕێینەوە.

*** باشە هوشیار دەزانی ٦/١/ڕۆژی جیهانی منداڵانە؟**

– نا.. نەمزانییە منداڵ ڕۆژی هەبێت، باشە لۆ چی تی؟ لەو ڕۆژەدا چمان دەدەنێ؟



هوشیارمان جێهێشت لە ڕێگادا منداڵێکی ژاکاوی بەر گەرمای هاوینمان بینی ئەو منداڵە ژاکاوە (ڕێبوار موحسین نوری) ١٢ ساڵان بوو، ئەوان ساڵانێکی زۆر لە ئێران ئاوارەبوون، ئێستاش گەڕاونەتەوە، لە ماڵەوە ٩ سەر خێزانن و لە خانووی کرێدا دەژین، ڕێبوار ئەسەفی بۆ ڕۆژانی ئاوارەیی ئێران هەڵدەکێشا ئەو بە فارسییەکی تارانی زۆر باش دەئاخڤی، پرسیار و وەڵامەکانمان بە فارسی لەگەڵدا کرد، دەیگوت **(من ڕۆژانە ١٠ هەزار دینار پەیدا دەکەم هەمووی دەدەمە ماڵەوە، زۆرجار حەزم لێیە یاری و شتی منداڵانە بکرم، بەڵام.. بەو بەڵامە لە قسەکانی وەستا**، وتم ڕێبوار تۆ دەزانی منداڵان لە ٦١/١دا ڕۆژی خۆیان هەیە؟ بە چاوی حەسرەتەوە تەماشای کردم و گوتی نازانم.

بە چەند دەستەواژەیەکی فارسی ماڵئاوایمان لە (ڕێبوار و بەڵام و نازانم)ەکانی کرد..

## دیمەنی دووەم
## پیشەسازی باکوور



ئەم جێگەیە دەکەوێتە سەر ڕێگای گشتی هەولێر-شەقلاوە، ئەوێ جێگەی ژیانی هەزارەها پیشەوەری بوارەکانی ماشێن سازییە لەوێشدا منداڵان لە ناخۆشترین باری ژیاندان، ئەو کارانەی گەورەکان دەیکەن منداڵانیش هاوبەش دەبن، کارێکی پڕ مەترسی و ترسناکە، ئەو کارانەی ئێمە دیمان هیچ ویژدان و یاسایەک قبوڵی ناکات کەچی لێرە کە چاودێری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی منداڵ پارێز و داکۆکی کار لە مافەکانی منداڵان هەیە، بەڵام ناتوانرێت ڕێگە بە کارپێکردنی ترسناکی منداڵان بکرێت.



محەمەد نەجات تەمەنی ١١ ساڵە کە ئێمە چووین لەبەردەم ئامێرێکی زۆر ترسناکدا کاری دەکرد ئەویش (مەقەستی) بوو محەمەد لەگەڵ کەسێکی تردا ئاسنەکان دەخەنە سەر مەقەستەکە بۆ بڕینەوە، ئەو لە کاتژمێر ٨ی سبەینێوە بۆ ٨ی ئێوارە واتە ١٢ سەعات کاردەکات لە بەرامبەر ٢٥ هەزار دینار لە هەفتەیەکدا (نزیکەی ١٦ دۆلار لە هەفتەیەکدا)

محەمەد دەیگوت ئەمە دوکانی خاڵمە و هاوینان لێرە کاردەکەم و پارەکەی دەدەمە ماڵەوە.

*** باشە محەمەد ئەگەر ڕۆژێک دواکەوتی یان نەهاتی وەستات تورە نابێت؟**

– نا.. وەستاکە خارمە برای داکمە تورە نابێت.

*** ئەگەر گوتت من ٦/١ نایەمە سەرکار**

– لۆ ٦/١/نەیەم

*** ئەی رۆژی منداڵان نییە؟**

– نازانم نەمبیستیە لە ماڵێ و لە مەکتەبیش پێیان نەگۆتینە..

چەند دوکانێک لەو لای کارەکەی محەمەدەوە لە ژێر ئۆتۆمبێلێکدا سەباح فەریقی ١١ ساڵەمان بینی، سەباح لە دوکانی باوکی کاردەکات بەڵام کاری قورس، لەژێر ئۆتۆمبێلدا، ئەوە کاری منداڵ نییە بەڵام باوکی بەلایەوە ئاسایی بوو دەیگوت (با خوێری کۆڵانان نەبێت فێری سەنعەتەکە بێت باشترە).



**سەباح** یارمەتی باوکی دەدات بەبێ پارە، بەڵام لە خاوەن ئۆتۆمبێلەکان بەخشیش و شاگردانە وەردەگرێت و پارەکەی دەداتە دایکی.

*** باشە سەباح بۆ پارەکە دەدەیتە دایکت؟**

– نازانم دەڵێت ئەشیای ناو ماڵێ دەکرم.

*** ئەی خۆت چەندت بۆ دەمێنێتەوە؟**

– جار جارە دایکم یان بابم پارەم دەدەنێ.

لەگەڵ ئەوەی کارەکەی سەباحمان بەلاوە سەخت بوو بەڵام چەند هەنگاوێک لەولای ئەو گەراجەوە منداڵێکی تەمەن ٨ ساڵمان بینی لەژێر لۆرییەکدا کاری دەکرد ئەویش کارزان ئیدریس بوو..



**کارزان** دەرچووە بۆ پۆلی سێیەمی سەرەتایی و رۆژانە دێت بۆ کارکردن لەگەڵ باوکیدا..

**کارزان** و چەند برایەکی لە ماڵەوە یەک (ئەتاری)یان هەیە و **کارزان نازانێت رۆژێک هەیە بۆ منداڵان بەڵام ئەوە دەزانێ ئەگەر رۆژێک نەچێتە سەر کار ئەوا باوکی تورە دەبێت (وای گوت کارزان).**

چەندین دیمەنی پڕ لە تراژیدی هاوڕێی ئەو رۆژەی نێو پیشەسازی باکوور بوون لای ئێمە، بڕیارە سبەی بچینە دوو دنیای پڕ لە سەیر و سەمەرەی جیاواز..

## ژیان لەناو زبڵخانەدا



زبڵخانە ئەو شوێنەی کە پاشەڕۆی بەکارهێنراوەکانی رۆژانەی نێو شاری بۆ دەبرێت، لەوێ لە دۆڵێکدا لە نزیک ناحیەی کەڵەک لەسەر رێگای هەولێر– موسڵ ئەو زبڵانە ڕۆ دەکرێن، لێرە دنیایەکی جیاواز هەیە رەنگە هەست بەوە نەکرێت یان نەزانرێت کە ئەوەی لە ماڵەوە بۆ خەڵک بە سوود نییە و فرێی دەدات ئەوە سەرچاوەی ژیانی خەڵکی ترە!!

لێرە لە موستەحیل شت دروست دەکرێت، ئاخر بە بیر کێدا دەچێت لە بێکەڵکترین شتەکانی خەڵک کۆمەڵێکی تر کەڵکی لێوەرگرن؟

ئەوانەی لەوێدا ئەو کارانە دەکەن کۆمەڵە خێزانێکن ئەوەندە شارەزای کارەکەی خۆیانن تەنانەت سەیارە خۆڵی گەڕەکەکان دەناسنەوە باشترین بەخت یاوەری ئەوانەیە کە سەیارە خۆڵی گەڕەکەکانی دۆلار ئاوا یان بەرکەوێت یان سەیارەی خۆڵی سەربازگەی کۆرییەکان..



لەوێ تەنیا شیشێکی قولاپی و چاوو هێز کاردەکەن لە نێو بۆنی پیسی ئەو ناوەدا ژیان بەردەوامە و دیسان منداڵان لەوێش قوربانی یەکەمن.

**مامەش سەباحی** دوازدە ساڵان لە نێو ئەوانەدا بوو لە گەرمەی گەڕان بەنێو زبڵەکاندا دواندم، مامەش رۆژانە لەگەڵ ماڵەوەیان دێتە ئەم شوێنە.

مامەش دەڵێت سەیارەی خۆڵی کۆرییەکان زۆر باشە، بەڵام بۆ ئێمە نابێت دەستی بۆ کۆمەڵێک خەڵک راکێشا کە چەند پیاوێکیان لەگەڵدا بوو (دیارە لەوێش بەهێز لاواز دەچەوسێنێتەوە) ئەوانە شتی باش دەدۆزنەوە، بەڵام من رۆژانە

(٧,٥٠٠ دینارم) دەسدەکەوێت (واتە ٥ دۆلار).

*** مامەش تۆ دەزانی ٦/١ ڕۆژی جیهانی مندالآنە؟**

– ناوەڵڵا چوزانم لە خوام دەوێت لێرە شتێک بدۆزمەوە.

لە نێو نارەزایی خەڵکی دەموچاو هەڵبەسراودا بۆ ئەوەی وێنەیان نەگیرێت و زوو زوو هۆشیاریان دەدایە ئێمە کە وێنەی زبڵەکە بگرین نەک خەڵکە کە لەولاوە منداڵێکی ترمان بینی ئەم منداڵە وا خۆی ناساند.



**ناوم مەعمود ئەعمەدە (مەحمود ئەحمەد) و تا پۆلی دووی سەرەتایم خوێندووەو ٥ ساڵە وازم لە خێندنێ هێنایە و ڕۆژانە دێمە ئێرە ڕۆژانە ١٠ هەزار پەیدا دەکەم و لەگەڵ ٢ خزمی ترم دێم و هەندێ جار سەعات و ئامێر دەدۆزمەوە بە خودای عەزم لەو وەزعەی نییە بەلآم چ بکەم..**

لە مەحمود دورکەوتینەوە یەکێک لە سەرۆکی باندی مافیا دەچوو لێمان هاتە پێشەوە و دوایین قسەی لەگەڵماندا ئەوەبوو دەیگوت (ئەنگۆ پارە بە ئێمەوە وەردەگرن و لە نێو حالەمێ ڕسوامان دەکەن، پێش ئەنگۆ جارەک جەماعەتەک هاتن بە شیش قالبیامان شکاند ئەگەر جارەکی دیکە ئەنگۆش بێنەوە ئەوە حالتان دەبێت).

لەو کاتەدا قسەی منداڵەکەم بیر هاتەوە کە دەیگوت سەیارەی زبلی کۆربیەکان لۆ ئەوانە دەبێت..

لەبەر قرچەی گەرما و بۆنی زبڵدا ئێمە ئەوانمان جێهێشت بریارە سبەی بچینە نێو کورە چییەکان..



## کورەخانە

لەسەر جادەی گشتی هەولێر/ مەخمور ئاسمانێکی ڕەش و دوکەڵاوی هەیە کە بەردەوام پیسبوونی ژینگە بەرهەم دەهێنێ ئەویش کورەخانەیە، لەم شوێنەدا نزیکەی ٣٠ کورەی خشت دروستکردن هەیە، ئەوێ سەرزەمینێکە لە گەرما و ئاگر و دوکەڵ و قور..

لێرەشدا منداڵان کە هەرگیز شایەنی ئەو کارانە نین دووبارە وەبەرکار دەخرێنەوە بەبێ ئەوەی سادەترین مەرجی تەندروستی و ژیان لەو کورانەدا هەبێت..

**ڕیاز** تەمەنی ١٥ ساڵە و ٥ ساڵە لەو کورەیە کاردەکات و ڕۆژی نزیکەی ١٧ هەزار دینار کار دەکات کە دەکاتە (١١) دۆلار ڕێباز لە پۆلی شەشی سەرەتاییە و لە قوتابخانەش زیرەکە و ئەو پارەی دەستی دەکەوێت دەیداتە ماڵەوە و بەوە ئاسودەیە کە یارمەتی ماڵەوەیان دەدات، بەلآم لە کاردا ماندوو دەبێت.

**ئاراس جەبار** تەمەن ١١ ساڵە گوتی: ئەمن لەو کورەی کاردەکەم ڕۆژی ٩ هەزار دینارم دەسدەکەوێت (کە دەکاتە نزیکەی ٦,٥ دۆلار).

*** لەو کارەی ماندوو دەبی؟**

– بەدی زۆر هێندە هیلاک دەبم نازانم کو دەخەوم

*** دەچییە مەکتەب**

– ئا.. سەفی ٥م و هاوینان ئیشێ دەکەم

*** ئەو پارەیەی وەریدەگری چی لێدەکەیت؟**

– دەدەمە ماڵێ لۆ ئەوان دەبێ، ئەمن پایسکیل و ئەتاریم نییە، لۆچمە ئەمن هەر لە ئیشێمە و کە دەچمە ماڵەوەش ماندیمە.

ئاراسمان جێهێشت گەیشتینە منداڵێکی تری خێر لەخۆ نەدیو ئەویش دەرباز خالید بوو، دەرباز تەمەنی ١٤ ساڵە و چوار ساڵە کاردەکات و ڕۆژانە ٧,٥٠٠ (٥دۆلار) پەیدا دەکات و پارەکە دەداتە ماڵەوە، دەرباز تەنیا پاسکیلێکی هەیە و لە قوتابخانەش




تەمەڵە باوکی شوفێری تەکسییە، پرسیم دەرباز ئەو پارەیە وەریدەگری بۆ نایدەیتە شت بۆ خۆت دەرباز گوتی.. **لۆچمە چما من دەچمەوە ماڵێ تا گەمان بکەم، هەر کە گەیشتمە ماڵی دەخەوم.. لە نێو ئازار و دوکەڵی منداڵانی نێو کورەخانەدا هاتینە دەرەوە ئاخۆ لە دوا وێستگەی ڕاپۆرتەکەدا دەچینە کوێ..؟**

## شاری یاری و خەونی زارۆکان

سادەترین مافی منداڵە کە لە شاری یاری و شوێنە تایبەتەکانی یاریکردنی تایبەت بە خۆیاندا گەمە بکەن، بەڵام ئایا منداڵانی هەژار و کەم دەرامەت ئەمەیان بۆ دەلوێت.

منداڵ نەوەی هەر کەسێک بێت و خانەوادەی لە هەر ئاستێکدا بن مافی خۆیانە منداڵەکانیان شوێنی حەوانەوە و یارییان هەبێت، بۆیە کاتێک منداڵی دەوڵەمەندێک یان بەرپرسێک لەو شوێنانە ببینرێت ئەوە مانای ئەوە نییە دنیا خراپ و وێران بووە بەڵام ئەرکی حکوومەتە ژیان بۆ منداڵانی تریش دەستەبەر بکات دواین وێسگەی ئەم دیمانانە لە (سکای) کۆتایی دێت.

منداڵێک کە قوتابییە لە قوتابخانەی ئەمین زەکی گوتی: **(من هەفتەی جارێک دێمە ئێرە یارییەکانی سکای خۆشن، حەز دەکەم لە ڕۆژی منداڵاندا بێمە ئەم شوێنانە یاری بکەم، حەزم لە خولی کۆمپیوتەر نییە چونکە خۆم لە کۆمپیوتەر دەزانم و حەز دەکەم لە یادی منداڵانی جیهاندا ئاهەنگ ساز بکرێت و بچینە سەیران.**



کوێستان بورهان کچێکی ژیکەڵەی ٩ساڵانە و لەوێدا یاری دەکرد گوتی حەز دەکەم لە ڕۆژی جیهانی منداڵاندا بچمە پیاسە و برادەرەکانم وەزعیان باشە، **من هەفتانە دێمە سکای و لێرە گەمە دەکەم، دایک و بابم باسیان نەکردووە کە ڕۆژی جیهانی منداڵان هەیە..**

**بەڵام بەخۆم دەیزانم..**

## دەرەنجام

لە وڵاتی دوای شەڕ و مەرگەساتەکاندا کە سیستەمی کۆمەڵایەتی لە خزمەتی کەمینەی کۆمەڵدا دروست دەبێت و حاڵەتی لەو جۆرەی لێدەکەوێتەوە.



ئێمە لە میانی ئەم ڕاپۆرتەدا ویستمان ئەوە بگەیەنینە ڕای گشتی کە لەمڕۆی ئاوەدانی و گەشەسەندنی ئابووری هەولێری پایتەختدا بەڵام بە هەزارەها منداڵ لە ناخۆشترین گوزەراندا دەژێن.

دەبێت سەرۆکایەتی حکوومەت و وەزارەتە پەیوەندارەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و مافەکانی منداڵان بیر لە ژیانی ئەو منداڵانە نەکەنەوە؟

دەبێت تا ساڵێکی تر و تا لە یادێکی تری منداڵاندا کەس ئاوڕ لەم دۆسیەیە نەداتەوە؟

سەمەدی بیهرەنگی گەورە نووسەری ئێرانی دەڵێت ئەگەر نان هەیە با بۆ هەمووان بێت ئەگەر نییە با هەمووان بەدوایدا بگەڕێین.

ئەمە دیمەنەکانی ئەو چیرۆکە واقیعییەن کە لەم وڵاتەدا ڕوودەدەن، بەڵام کێ تەماشایان دەکات؟